# له وه‌لام به پرسیاریکی هاوریٚ سالار رشید دا

## شمال علی

هاوریٚ سالار ڕه‌شید له پیشه‌کی‌یه‌کی دوو لاپه‌ڕه‌ییدا که بۆ ترجمه‌ی بڕیارێکی چوار دیری نوسیویه‌تی کۆمه‌لیك پرسیاری مه‌ترح کردووه که من وه‌لامم لانی که‌م به یه‌کیك له‌و پرسیارانه به پیویست زانی:

هاوریٚ ده‌پرسی ئایا مه‌کته‌بی سیاسی بۆی هه‌یه بڕیاری کۆنگره هه‌لوه‌شێنێته‌وه؟ ئه‌مه له یه‌یوه‌ند به‌و مه‌سه‌له‌یه‌وه ده‌پرسیٚ که گوایه مه‌کته‌بی سیاسی بڕیاری کۆنگره‌ی یه‌که‌می حزبی سه‌بارت به هاوسه‌نگه‌ری له گه‌ل حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیراندا هه‌لوه‌شاندووه‌ته‌وه. به‌لام هیچ ڕاستی‌یه‌ك له‌مه‌دا نیه، به‌م دوو ده‌لیله‌ی خواره‌وه:

1/ واقعیه‌تێکی تازه ڕوویداوه ناکریٚ ئه‌و واقعیه‌ته له‌به‌رچاو نه‌گیریٚ، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه که حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیران، بوو به دوو به‌شه‌وه وبه ڕای هیچ لایه‌کی جیابوونه‌وه‌که، هه‌مان ئه‌و حیزبه نه‌ماوه که کاتی کۆنگره‌ی یه‌که‌می ئیمه بریار له‌سه‌ر هاوسه‌نگه‌ری دراوه. لایه‌ك ده‌لی ئالۆگۆڕێکی گه‌وره له حیزب ڕوویداوه وحیزب له خه‌ته‌ری ڕاستڕه‌وی ڕزگار کراوه وکه‌وتۆته سه‌ر ڕه‌یلی واقعی کۆمۆنیزمی کریکاری، لایه‌کی دیکه‌ش ده‌لی حیزب به ده‌ستی چه‌پی سوننه‌تی زه‌ربه‌ی خواردووه وله خه‌تی کۆمۆنیزمی کرێکاری لایداوه. لایه‌کیان به‌وه‌که‌ی دیکه ده‌لین ڕاست وئه‌وی دیکه به‌لای به‌رامبه‌ر ده‌لی چه‌پی سوننه‌تی. ئه‌مه قسه‌ی ئیمه نیه به‌لکو قسه‌ی خۆیانه له‌سه‌ر ئه‌و دیارده یه‌کپارچه‌یه‌ی که ئیمه هاوسه‌نگه‌ریمان له‌گه‌ل کردبوو. ئه‌مه ناوه‌رۆکی ئالوگۆڕه‌که‌یه، بۆیه به پیٚی هیچ مه‌نتقیکی سیاسی ناکریٚ ئه‌و لایه‌ی که ناو وممتلکاتی حیزبی بۆ ماوه‌ته‌وه ئۆتۆماتیکی وه‌کو وارسی ئه‌و خه‌ته سیاسیه به حیساب بهینریٚ که کاتی خۆی کۆنگره‌ی ئیمه بڕیاری له‌سه‌ر هاوسه‌نگه‌ری له‌گه‌لی داوه. ئه‌وه بیرکردنه‌وه‌یه‌کی قوولٚ نی‌یه که له‌سه‌ر بناغه‌ی ناو هه‌لسه‌نگاندنی سیاسی بکریت وبلین له‌م جیابونه‌وه‌یه‌دا ئه‌وه‌ی هه‌مان ناوی پیشووی به‌رکه‌وتووه هه‌مان ئه‌و شته‌یه که پیشوتر هه‌بوو. ئه‌م جیابونه‌وه‌یه که له‌سه‌ر بناغه‌ی ئیختلافی سیاسی وشکلٚگرتنی دوو خه‌تی سیاسی جیاواز له‌و حیزبه‌دا ڕوویداوه، حیزبی ئیمه ده‌خاته به‌رده‌م هه‌لبژاردنیك له نیوان ئه‌و دوو خه‌ته‌دا بۆ ئه‌وه‌ی بڕیار بدات که کامیان نوینه‌رایه‌تی ئه‌و خه‌ته ده‌کات که کاتی خۆی جیگا مه‌به‌ستی ئیمه بووه. دیارده‌یه‌کی سیاسی گۆڕاوه ودوو دیارده‌ی سیاسی تازه‌ی لیٚ که‌وتووه‌ته‌وه، هه‌ردوو حیزبی ئیستا حککا وحککا–حکمتیست له ڕووی ڕیکخراوه‌یی‌یه‌وه دریژه‌ی ئه‌و حیزبه‌ن که ئیمه بڕیاری هاوسه‌نگه‌ریمان له‌گه‌لیدابوو. ئه‌مه به‌ده‌ره له ئیراده‌ی ئیمه وئه‌وان خۆیان خۆیانیان کردوه به دوو به‌شه‌وه، هیچ بڕیارو ئوصولێکی ڕیکخراوه‌یی ده‌ستی مه‌کته‌بی سیاسی نابه‌ستیٚ له لیکدانه‌وه وهه‌لویستگیری ده‌رباره‌ی واقعیه‌تێکی تازه که کاتی کۆنگره‌ی یه‌که‌م له ئارادا نه‌بووه‌و کۆنگره هیچ پیشبینی وبریارێکی له‌سه‌ر ئه‌م ئالوگۆرو تحولاته مهمه له حککادا نه‌بووه. کاتیك حیزبی هاوپه‌یمان به‌ده‌ر له ئیراده‌ی ئیمه ده‌بێته دوو که‌رته‌وه، به ناچاری ووه‌کو پیویستی‌یه‌کی سیاسی ئیمه ده‌که‌وینه به‌رده‌م ئه‌و مسئولی‌یه‌ته‌ی که وه‌کو ڕابه‌ری حیزب وجێنشینی کۆمیته‌ی ناوه‌ندی که نوینه‌رایه‌تی کۆنگره ده‌کات له به‌رامبه‌ر ئه‌م واقعه تازه‌یه ته‌فسیر وهه‌لویستگیری بکه‌ین. به‌داخه‌وه ئه‌و دیارده‌یه وه‌کو خۆی نه‌ماوه‌ته‌وه که کاتی خۆی ئیمه بڕیاری هاوسه‌نگه‌ریمان له‌گه‌لیدا. بۆیه هه‌تا ئه‌گه‌ر له‌لایه‌ن ئیمه‌شه‌وه ئه‌و بڕیاره ئالوگۆری به‌سه‌ر بهاتایه وهه‌لٚوه‌شایه‌ته‌وه، نه‌ده‌که‌وته به‌رامبه‌ر ئوصول‌و مه‌وازینی حزبی‌یه‌وه. چونکه حیزبه‌که وه‌کو جاران نه‌ماوه نه‌ك بڕیاره‌که‌ی کۆنگره‌ی ئیمه. ناکریٚ ئه‌و واقعیه‌ته له‌به‌رچاو نه‌گرین که حزبێك وا ئێمه له‌گه‌لی هاومالٚ بووین مالی لیٚتێکچووه. هه‌ربۆیه هاومالی مالێکی ویران و ده‌سته‌و ئه‌ژنۆ دانیشتن له‌به‌رامبه‌ر ئالٚوگۆڕه‌کاندا نه‌یده‌توانی کاری ئێمه بێت.

دواتر ئه‌وه چ مه‌نتقێکی سیاسی‌یه که ئێمه به ته‌نها به خاتری ئه‌وه‌ی له‌م که‌ین و به‌ینه‌دا کیٚ ناوه‌که‌ی بۆ ماوه‌ته‌وه، بیٚ لێکدانه‌وه‌ی سیاسی و بیٚ ئه‌وه‌ی بابه‌تی‌یانه مه‌سه‌له‌که تاوتویٚ بکه‌ین پشتیوانی بیٚ که‌م وکه‌سری ئێمه وه‌کو ناوی حیزبه‌که بگوێزرێته‌وه بۆ دیارده‌ی تازه پێکهاتوو، به فه‌رزی وه‌ربگرین که حیزبی حکمه‌تیست له جێگای هه‌لٚبژاردنی ناوێکی نویٚ، به پیٚی سوونه‌تی ناسراوی چه‌پ بکه‌وتایه‌ته کێشه‌وه له‌سه‌ر ناوی حزبی ڕابردوو و وه‌ك باوه ئه‌کسه‌ریه‌تێکی بخستایه‌ته پاش ناوه‌که‌ی خۆی (به له‌به‌رچاوگرتنی ئه‌وه‌ی له کۆمیته‌ی ناوه‌ندیدا ئه‌کسه‌ریه‌ت بوو) ئه‌و ده‌م ئێمه له‌گه‌لٚ دوو حزب ڕووبه‌ڕوو ده‌بووین که هه‌لٚگری هه‌مان ناو بوون، ئه‌وده‌م چیمان بکردایه؟ بڕیاری کۆنگره‌مان چۆن ته‌فسیر بکردایه؟ ئایا ئه‌وه‌ی خه‌تی حکمتیست به خاتری پاریزگاری له ئیعتباری کۆمۆنیزمی کریکاری‌و منصور حکمت، نه‌که‌وته کیشه له‌سه‌ر ناوی حیزب‌و ممتلکاتی‌و ته‌نانه‌ت له حه‌قی خۆیان بوران، ده‌بیٚ ئه‌مه وه‌کو خالی لاوازی ئه‌وان چاو لی بکریت‌و به‌م ده‌لیله له بڕیاری هاوسه‌نگه‌ری کۆنگره بیٚ

بەریبکرایەن؟! ، پاشان ئەوەی کە حزبی حکمەتیست ئەم ناوەی هەلبژارد بەشێکی قەرزاری ئەو شێوازە مەسئولانەیە بوو کە بۆ جیابوونەوە گرتی‌یە بەر دەنا دەکرا بە 24 ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو پلینۆمەی بگرتایە کە بریاری لەسەر درابوو بە بریاری ئەو پلنیۆمەش ناوی حیزب‌و لیدەرو مەکتەبی سیاسی‌و هەموو ممتلەکاتی حیزبی بۆ خۆی ببردایە، ئایا دەروست بوو ئەو کاتە بیٚبیستنی بەڵگەی سیاسی تەرەفداری حزبی ئێمە لە حزبێك کە ئێستا ناوی حکمەتیستە وەك کارێکی ئاسایی قبوولٚ بکرایە؟ بە دەلیلی ئەوەی ناوی پیشوی هەلگرتووە، تەنها بەپێی ئەوەی کاتی خۆی هاوسەنگەری لەگەل ئەو ناوە بریاری لیدراوە؟ ئەمانە روونی دەکەنەوە کە ناوەرۆك‌و لیکدانەوەی سیاسی حوکم دەکات بۆ پیرەوی لە بریاری کۆنگرە نەك ناو.

2/ ئیمە لەرووی سیاسیەوە نەك لە روی ئوصولی ریکخراوەییەوە، بە پیویستمان نەزانیوە بریاری هاوسەنگەری لەگەل هیچ لایەکی ئەم دووکەرت بوونە تیکبدەین، نە تەنیا ئیمە بەلکو هاوریانی جیابوەوە لە حککا لە نامەی 22 نەفەرەدا راشکاوانە رایانگەیاند کە ئیمە ئەگەر جیاشبینەوە ئەوە حککا بە نزیکترین متحدی سیاسی خۆمان دەزانین. ئیمەش وەکو رابەری حککع هیچ بریاریکی تازە وهیچ قسیەکی تازەمان لەسەر حککا ودۆستایەتی وهاوسەنگەری لەگەلیدا نەبووە، لیدەری حیزب لە وەلامی نامەی کراوەی حمیدی تقوائیدا ووتی کە ئیمە نە نیازمان وایە ونە دەمانەوێ پەیوەندی نزیك وهاوریانە ودۆستانە لەگەل حککا تیکبدەین. بەلام ئەمە ناتوانی مانعی ئەوە بیت کە ئیمە دۆست وهاورێ وهاوسەنگەری دیکەمان نەبیت، ئیمە لەسەر حککا قسەیەکمان نەکردبوو بەلکو پەیامی هاوپشتیمان نارد بۆ حیزبیکی دیکەش کە لە دریژەی حیزبی پیشوو کە لەسەر هەمان خەتی پیشوی هاوپەیمانمان دروست بووبوو. ئیمە هیچ قسەیەکمان لەدژی حککا نەکردبوو، ئامادەش بووین هاوکاری وهاوخەباتی لەگەلی دریژە بدەین، لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسی کاتی جیابونەوەکەشدا، مەکتەبی سیاسی تەئکیدی لەسەر ئەمانە کرد وئەوەشی رۆشنکردەوە کە هەر ئەندامیکی کومیتەی ناوەندی حیزبمان کە ئەندام بیت لە کۆمیتەی ناوەندی حککا، خۆی ئازادە چۆن بریار دەدات وهەلبژاردنی خۆی دەکات ولە کام لای ئەم جیابونەوەیە رادەوەستیت وئیمە لەو بارەیەوە هیچ حوکم ومحدودیەتیك بۆ هیچ هاوریەك دانانێین.

بەلام پیش ئەوەی ئیمە هیچ قسەیەك لەسەر حککا وهیچ قسەیەك لە دژی حککا بکەین، ئەوە ئەوان بوون کەوتنە هیرش بۆ سەر حیزبی ئیمە، سیاسەتی ئینحلال تەلەبانەیان لە دژی حیزبی ئیمە گرتەبەر، ئەوان بوون برِیاریان دەرکرد لە دژی حیزبی ئیمە، ئەوان بوو لە دۆستایەتی پیشوو کەلکیان وەرگرت بۆ تیکدانی ریزەکانی ئیمە، ئەوان بوون ئیمەیان بە راستڕەوی خەتبار کرد بەبێ ئەوەی بچوکترین ئالوگۆر بەسەر هیچ شتیکی ئیمەدا هاتبێ. تەواوی قسەکانی تا ئیستای ئیمە تەنها وەلامدانەوە بووە بەو قسانەی ئەوان لە دژی ئیمە کردویانە نەك بە پیچەوانەوە. بۆیە دەبێ لەوان پرسیار بکریت کە ئایا ئەو کارەی ئەوان ئوصولی ودروستە کە لەسەر بناغەی ئەوەی حیزبی ئیمە پەیامی پشتیوانی بۆ حیزبیکی دیکە لیداوە، ئەوان هاوسەنگەری نیوانمان تیکبدەن وبکەونە هیرش وپیلانگیران لە دژمان؟ یان ئایا هاوسەنگەری لەگەل ئەوان دەستی ئیمە دەبەستێ لەوەی پەیامی هاوپشتی لیدەین بۆ بەشیك لە هاورییانی هاوبەشی پیشومان کە لە سەر خەتی منصور حکمت حیزبیکی تازەیان پیکهیناوە وپیش ئەوەی کە رابەری حککا جەنگی سیاسیان لە دژ راگەیەنێ، ئەوان رایانگەیاندبوو کە ئیمە ئەگەر جیاشبینەوە حککا بە نزیکترین متحدی سیاسی خۆمان دەزانین؟!

بۆیە ئەو پرسیارە بە هیچ جۆریك مەترەح نیە کە ئایا مەکتەبی سیاسی مافی هەلوەشانەوەی بریاری کۆنگرەی هەیە یان نا؟ چونکە هیچ گومان لەوە نیە کە ئەو مافەی نی‌یە. بەلکو تا ئەو جیگایەی بە ئیمە دەگەریتەوە، ئەو پرسیارە مەترەحە کە ئایا مەکتەبی سیاسی مافی ئەوەی هەیە پەیامی پشتیوانی بۆ حیزبیکی تازە لیبدات کە بە هاوخەت وهاو بزووتنەوەی خۆی دەزانێ وکاتی کۆنگرە ئەم حیزبە تازەیە وجودی نەبووە وکۆنگرە هیچی لەبارەیەوە نەووتوە؟ من دەلیم بەلی ئەمە ماف وصلاحیەتیکی بێ ئەملا وئەولای مەکتەبی سیاسیە وناکەویتە بەرامبەر هیچ بریاریکی نە کۆنگرە ونە پلنیۆمەوە.

دەبێ ئەو راستیە لەبەرچاوبگرێ کە تحولیکی سیاسی روویداوە، ئەمەش هەلبژاردنیکی سیاسی تازە لە هەرکەس دەخوازێ. هەرکەس دەبێ دیاری بکات کە لە کوێی ئەم تحولاتە سیاسیە رادەوەستێ. بەلگەکانی ئەم هەلبژاردنە سیاسی‌یە چی‌تر لە پیرەوی ناوخۆدا نادۆزریتەوە.

2004-10-18